بەهۆی گەردەلول و زریانەوە شەش کەس لە باشوری ئەمریکا گیانیان لەدەستدا

ماوەی دوو ڕۆژ شەپۆلێکی گەردەلول و زریان رووی لە چەند وێلایەتێکی باشوری ئەمریکا کردووە و بەهۆیەوە شەش کەس گیانیان لەدەستداوە.

میدیا جیهانییەکان بەاویانکردەوە، شەپۆلێکی گەردەلول و زریان چەند وێلایەتێکی باشووری ئەمریکای گرتووەتەوە و بەهۆیەوە چەندین باڵەخانە و خانووی دانیشتووانی ئەو ناوچانە رووخاون.

ئاماژە بەوەش کراوە، لە ئەنجامی ئەو شەپۆلە بەهێزە شەش کەس گیانیان لەدەستداوە.

هاوکات، جەو پیتس سەرۆکی شارەوانی شاری ناشڤیل باری نائاسایی لە شارەکە ڕاگەیاندووە و هاتوچۆی لە شارەکەدا قەدەغە کردووە.

لەلایەکی دیکەوە، حکومەتی وێلایەتی ئەهایە ئاماژەی بەوەکردووە، ٢٣ کەسی دیکە بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.